# کیژەکوردێك و شەکرا وی سەربەخۆیی

کامیل ژیر

کیژۆڵەیەك ، مەردانە ، پۆشاکی وەك شێرەلاو
چەنجوانبوو چەکی دەستی !
خۆی بەستبوو کوردانە ، بۆ شۆڕشی تازەباو
ئالآبوو : سەروبەستی
*

ئەیوت من خاوەن کێشەو هەڵگری باوەڕو بیر
کێشەکەم گەلیٚ گران
من دووچاری سەرئێشەو ژانی گەلێکی ئەسیر
بەشکراوی نیشتمان
*

وێنەی شێریٚ گرمانی بۆ سەر رەوشی نادادی
دژ بە جەردەو تالآنی
هاوبیر لەگەڵ لاوانی خاوەن ویستی ئازادی ،
سەربەخۆیی و یەکسانی
*

ئەیوت میللەت بەڵەدە، رابوردووی پڕکۆڵنەدان
سەیری مەردانی خۆتان :
ئەختەر،کیژی نەغەدە،لەیلا،ساکینەوفیدان
سەروەرین و شکۆتان
*

پشتی یەکدیبن زیاتر ،باوەڕنەکەن بە بەدکار
نابێ چاو پڕبێ لە خەو
هزرو ئاسن و ئاگر ، چۆکدا ئەدەن بە زۆردا ر
ئێمەین سەرکەوتووی گرەو
*
هەرجێبێ یا هەر کاتێ، هێزە ستەم لائەبا
دارە تۆ ڵەو چاری مار
ئامادەین بۆ هەر ساتێ ، چییدی خەڕۆماننەکا
گفت و داوی داگیرکار
*
گومڕا نەبن بەیاسا، دەستووری گورگ و چەقەڵ
کاتێ هەلیان بۆ رەخسا
سەرجەم بەلێن و رێسا : پەیمانی شاخ و جەنگەڵ
دەستووربچی؟کام یاسا !؟
*
لاتاننەدا لەرێگا پیێکەنینی داگیرکار
وەك مرۆڤی خەڕۆ و ون
زاناو سەری بەئاگا، نابێ پیێوەیدا دووجار
جانەوەری هەمان کون
*
ئاشتی دارێکی وشکە ، تەنیا بە هاوکێشەی ماف
خونچەی بەرهەم دەرئەکا
دەسگیرنەبوونی پشکە : تای ترازووی درۆو لاف

هەرچۆنێبێ سەرئەکا

*

ئاشتی پیلان و ئۆفە ، بۆ سەردەستە مۆڵەتە
تا ئەنجامدانی کاری
دیموکراسی بلۆفە ، بۆ بندەستە مەینەتە
بێ ئازادی و رزگاری

*

ماف لەگەرووی پڵنگبێ، دەرهێنانی ئاسانە
چەك هۆكارو چارەیە
سەر خاوێن و زرنگبێ ، نیشتمان پڕ سامانە
چەك: بازاڕو پارەیە

*

هەرچیچەندێ دانابین ، بێ (دەوڵەتی خۆمانە)
داری بێ بەرو زڕین
خاوەن تاجی پاشابین ، تیغ وا لە ئەستۆمانە
كۆڵبەشان و بێ فەڕین

*

من دەوڵەتم گەر نەبێ، بێ نەوام و وێڵ و ون
بێ نازو دەربەدەرم
جێگەم ئەوێ ، ئێرەبێ، دەستی درێژی دوژمن
ئاڕاستەیە بۆ سەرم

*

بێدەولەتی هۆكارە هەر رۆژێك و جۆرێ ناو :

(توركی زادی شاخ و كێو ،
كۆچەر،قەرەج، ئاوارە،كاكەوكەلب وكلێبی ئاو،
یاجنۆكەو نەوەی خێو )!!
*
سەربەخۆبی كوردستان  بۆچی بەری  خەیاڵە!؟
نا ، كاری مەردانەیە
هەرچی وایوت شەكری شكان، نادانە ، بیری كاڵە
یا پیاوی  بێگانەیە
*
كاری ئەمڕۆی سەرەكی،ئەركی ئەستۆو سەرشانە
كاریگەرەو بە پەلە
لەشكرێكی پڕچەكی  سەرتاپا  كوردستانە
دوژمن كەنەفتە ، هەلە
*
بانگە بۆ نەتەوەو هۆز ، مژدەی بەهارەو شادی
راپەڕینی هاوبیرا ن
بۆ ئامانجێكی پیرۆز، سەربەخۆبی و ئازادی،
نیشتمانێكی یەكسان
*
ئەی كاك و خوشكی دانا: دووربن لە من و تۆبی
فەرموون بانگ و مژدەیە.
كار بێتە دەستی زانا ، شەكراوی  سەربەخۆبی
هات و كاری  كردەیە